# چیرۆکەکانی سەدرەدین عارف بڵاوکرانەوە




■ ئا: ئەدەب و کولتوور

کتێبی (سەدرەدین عارف، نوێکاری چیرۆکی کوردی) لە نووسینی سابیر رەشید، نووسەر و لێکۆڵەر بڵاوکرایەوە کە سەرجەم چیرۆکەکانی سەدرەدین عارف، چیرۆکنووسی کورد و چەند لێکۆڵینەوەیەکی لەخۆگرتووە.

سابیر رەشید لەبارەی ئەو کتێبە بە (ئەدەب و کولتووری رووداو)ی گوت: «من هەمیشە خەم لە نەبوونی ئەرشیفی کوردی بەگشتی و چیرۆکی کوردی بە تایبەتی دەخۆم، چونکە زۆرجار کە ویستوومە لەبارەی چیرۆکنووسێکەوە بنووسم، هەوڵمداوە بەدوای چیرۆکەکانیدا بگەڕێم، پێویستم بە گەڕان بووە بەدوای گۆڤار و رۆژنامە کۆنەکاندا، بەڵام هەمیشە نەبوونی سەرچاوە بووەتە کۆسپ لەبەردەممدا، دواجار بە هەوڵ و کۆششی خۆم و یارمەتیی هاوڕێکانم لە هەولێر و سلێمانی، توانیم بە هەر شێوەیەک بێت ئەم چیرۆکانە کۆبکەمەوە».

(سەدرەدین عارف، نوێکاری چیرۆکی کوردی)، سێیەم پرۆژەی کۆکردنەوەی چیرۆکی کوردییە کە سابیر رەشید کردوویەتی، ژمارە یەکی لەبارەی چیرۆکانی لەتیف حامید بەرزنجی و دووەمیان بەناونیشانی (کتێبخانەی چیرۆکی کوردی) بوو.

چیرۆکەکانی سەدرەدین عارف بریتین لە (رازێک، تاکەی ئەم شەوە، راستی مەسەلەکە، رێبوار و رێگە، باڵی شەوگار، گەشتێک، سێگۆشەی باسێکی کۆن و شۆڕبوونەوە).

ئەم کتێبە جگە لە چیرۆکەکان، ئەم لێکۆڵینەوانە لەخۆدەگرێت: (چیرۆکنووسانی کەرکووک لە خشتەی نوێکاریی چیرۆکی کوردیدا)، (سەدرەدین عارف نوێکاری چیرۆکی کوردی)، (سەدرەدین عارف لە لێکۆڵینەوەی چیرۆکی کوردیدا) و (تەکنیک لە چیرۆکەکانی سەدرەدین عارفدا).

سەدرەدین عارف عومەر، ساڵی 1940 لە کەرکووک لە دایکبووە، ساڵی 1962 لە بەشی ئینگلیزیی کۆلێژی ئاداب لە بەغدا خوێندوویەتی، سەرەتا لە بواری وەرگێڕاندا کاری کردووە و لە ساڵی 1967ـەوە چیرۆکی نووسیوە و لە رۆژنامە و گۆڤارەکاندا بڵاوی کردوونەتەوە.




# کتێبێك لەبارەی ئەنفال و جینۆساید

**«کتێبەکە لە پێنج تەوەر پێکهاتووە، (ئەنفال و ئەویتری عەرەبی، رامانێکی خۆم لەسەر ئەنفال، رەهەندی جیاجیای ئەنفال، بیرۆکە و تێز لەگەڵ ئەنفال**

■ ئا: سیروان عەباس

کتێبێکی نووسەر و رۆژنامەنووس عەدالەت عەبدوڵڵا، بەناوی «ئەنفال و جینۆساید لە باشووری کوردستان» بڕیارە لە 14ی نیسان کە ساڵیادی ئەنفالە، بڵاوبکرێتەوە.

عەدالەت عەبدوڵڵا بە (ئەدەب و کولتووری رووداو)ی راگەیاند: «کتێبەکە لە پێنج تەوەر پێکهاتووە، (ئەنفال و ئەویتری عەرەبی، رامانێکی خۆم لەسەر ئەنفال، رەهەندی جیاجیای ئەنفال، بیرۆکە و تێز لەگەڵ ئەنفال.. دید و سەرنجی رەخنەگرانە) و بەڕێوەبەرایەتی گشتیی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان لە سلێمانی، ئەرکی لەچاپکدانی لە ئەستۆ گرتووە».

«ئەنفال و جینۆساید لە باشووری کوردستاندا» کە لە 180 لاپەڕە پێکهاتووە، 12ەهەمین کتێبی عەدالەت عەبدوڵڵایە و بەنیازە لە ساڵیادی ئەنفالدا بەسەر کەسوکاری ئەنفالکراواندا دابەشی بکات.

عەدالەت ساڵی 1977 لە گەرمیان لەدایکبووە. ماستەری لە ماسمیدیا هەیە. ئێستا لە شاری سلێمانی دەژی و مامۆستایە لە زانکۆی پۆلەتەکنیکی سلێمانی. هەروەها راوێژکاری راگەیاندنی یەکێتیی نیشتمانی کوردستانیشە.



# «وێنە تۆز لێنیشتووەکانی براکەم» یەکەمی گەلاوێژ بوو

■ ئا: ئەدەب و کولتوور

«وێنە تۆزلێنیشتووەکانی براکەم» ناوی چیرۆکێکی سیروان کەریمە کە لە فێستیڤاڵی ئەدەبی و هونەریی گەلاوێژ خەڵاتی یەکەمی بەهاوبەشی بەدەستهێنا.

کەریم، لەبارەی ناوەڕۆکی چیرۆکەکە، بە (ئەدەب و کولتووری رووداو)ی گوت، ئەم بەرهەمە چیرۆکێکە زیاتر لە ناو فەزای جەنگدا دەخولێتەوە و یەکانگیرە لەگەڵ دۆخی کوشتنی مرۆڤدا، مرۆڤێک کە سەربازە و هەزاران خەونی هەیە و کەچی لە پێناو خەونی ئەوی دیکەدا دەکوژرێت.

گوتیشی، چیرۆکەکە بەشێوەی بازنەیی نووسراوە و هەرجارە کامێرا دەچێتە شوێنێک و رووداوەکان زنجیرەیی نین و یەکدی تەواو ناکەن، هێڵەکان بە تەنیشتی یەکدا دەڕۆن و هەموویان لە کۆتاییدا لە شوێنێک کۆدەبنەوە.

سیروان لەبارەی هەڵسەنگاندنی دادوەرانی فێستیڤاڵی گەلاوێژ بۆ بەرهەمی شاعیران و چیرۆکنووسان گوتی: «پێوەری دەقبوون زۆرجار بەسەر فێستیڤاڵدا دەشکێتەوە، زۆرجار دەقێکی خراپ دەکرێت بە دەقێکی باش و دەق نییە، رەنگە ژمارەی ئەو دەقانە کەم نەبن کە دەبنە خاوەنی خەڵات و لاوازن، دەکرێت بڵێین فەزای تێپەڕبوونی دەقی خراپ بە فیلتەردا، کولتوورێکی جیهانی هەیە، ئەوەتا ساڵانە قسە لەسەر خەڵاتەکانی نۆبڵیش دەکرێ».

وەک نەریتێکی ساڵانە فێستیڤاڵەکە خەڵاتی یەکەم و دووەم و سێیەم دەبەخشێتە براوەکان، بەڵام ئەمساڵ خەڵاتی یەکەمی شیعر نەبەخشرا.

ئازاد حەمە، دادوەری تێکستە شیعرییەکانی خولی 21ـەمی فێستیڤاڵی گەلاوێژ دەڵێ: «ئەوانەی شیعریان ناردبوو، شیعرەکانیان لە رووی رێزمان و وێناکردنی شیعرەوە لاوازبوون، هەر ئەوەیش بووە هۆی ئەوەی نەتوانین هیچ تێکستێک بە یەکەم هەڵبژێرین».

# لۆدمیلا ئۆلیتسکایا: پۆتین ترسناکترە لە ستالین

نووری بێخاڵی



ژنە رۆماننووسی رووسی، لۆدمیلا ئۆلیتسکایا، ساڵی 1943 لەدایک بووە و بڕوانامەی باڵای لە بواری زانستی بۆماوەیی لە زانکۆی مۆسکۆ وەرگرتووە و سەرەتای کاری ئەدەبی و رۆشنبیریی خۆی، وەک راوێژکاری ئەدەبی لە بواری شانۆدا دەستپێکردووە. ئەو کە یەکەم کاری ئەدەبیی خۆی، (رۆمانی سۆنیچکا) لە تەمەنی پەنجا ساڵیدا بڵاوکردووەتەوە، لەدوای ئەوەوە چەندین رۆمان و شانۆنامە و سیناریۆی فیلمی نووسی. بەوجۆرەش، لۆدمیلا ئەمڕۆ یەکێکە لە درەوشاوەترین ناو لە ریزی نووسەرانی هاوچەرخی رووسیادا و لە پێشەنگی ئەو نووسەرە رووسە هاوچەرخانە دێت کە لە دەرەوەی سنووری رووسیادا، پڕ خوێنەرن.

لۆدمیلا کە تا تەمەنی پەنجا ساڵی بوێریی نەداوەتە بەر خۆی کتێبەکانی بڵاو بکاتەوە، ئەمڕۆ کتێبەکانی وەرگێڕدراونەتە سەر زیاتر لە (20) زمانی دونیا و زیاتر لە چوار ملیۆن دانەیان لێ فرۆشراون، یەکەم ژنە نووسەریشە کە دێرینترین خەڵاتی ئەدەبیی رووسی (پۆکەر – 2001) وەربگرێت. ئەمە جگە لە وەرگرتنی خەڵاتە ئەدەبییە بەناوبانگەکانی (میدیسیسی فەرەنسی بۆ رۆمان – 1996)، (جیۆزیبێ ئاچەربیی ئیتالی– 1998)، سیمۆن دو بۆڤوار – 2011) و خەڵاتی (وڵاتی نەمسا بۆ ئەدەبی ئەورووپی – 2014).

## ناونیشان وەک فێڵ، ئاڵۆزی وەک فریو!

دەگوترێ ناونیشان کلیلی کردنەوەی دەرگای هەر نووسینێکە. بەو مانایەی، ئەوە ناونیشانە سەرنجی خوێنەر بۆ خوێندنەوەی هەر نووسینێک رادەکێشێت، وەلێ رەنگە ئەمە بۆ کتێب، یان لێکۆڵینەوە، یاخود شاکارێکی ئەدەبی جیاواز بێت. ئاخر (برایانی کارامازۆف، ئانا کارنینا، دکتۆر ژیڤاکۆ، دایک و) زۆر رۆمانی دیکەی جیهانی، تەنیا ناوێکن، بەڵام کە دەیانخوێنیتەوە، بەسەر شاکارگەلێکی مەزندا دەکەوی، ناکرێ تەنیا بە خوێندنەوەی ناوەکانیان، دەستبەرداری خوێندنەوەیان بین. هاوکات نابێ ئەو راستییەش فەرامۆش بکەین کە بڕێ جار هەندێ نووسەر هەن، لەگەڵ ئەوەی دڵنیاشن لەوەی شتێکی جیاواز و نوێیان نەگوتووە، بەڵام بۆ رەواج، وەک فێڵێک، بە ناونیشانێکی سەرنجڕاکێش، خوێنەر فریو دەدەن.

وەکوتر، زۆرجار باس لە بایەخی ئاڵۆزیی نووسین لە میانی گەمەی زماندا دەکرێ، ئەمەش وەک جۆرێک لە ئاماژەکردن بۆ خەسڵەتی بەرهەمی سەرکەوتوو کە بە ئاسانی و زوو خۆی ناداتە دەست، هەروەها وەک ئاماژەیەکیش بۆ نیشاندانی توانا و لێهاتوویی نووسەر. لەکاتێکدا مەرج نییە هەموو ئاڵۆزییەک لە نووسیندا، داهێنان و هەموو گەمەیەکی زمانەوانیی نووسەریش لە ناو چەمک و دەستەواژەی تەماویدا، نیشانەی لێهاتوویی بێت.

بە گوێرەی ئەوەی خوێندوومەتەوە، یەکێک لە خەسڵەتە هەرە دیارەکانی ئەدەبی ئینگلیزی، سادەنووسییە. سادەنووسی بە مانای زمانێکی هەژار و بازاڕی و خاڵی لە مانا و مەدلوول نا، بەڵکو سادەیی زمان و چەمک و وشە و دەستەواژەگەلێک کە بایەخ و بەهاکەیان لە شوێنکاتی تەوزیفکردنەوەیاندا لەناو دەقدا دەردەکەوێ. سادەنووسییەک، کە رۆڵی هیچ یەک لە خەیاڵ و زمان و هونەری گێڕانەوە لەناو دەقدا، ناکاتە قوربانیی ئەوی دیکە.

کەم و زۆر، لۆدمیلا لەو نووسەرانەیە کە بە شێوەیەکی گشتی، ناونیشانەکانی ساکار و زمانی نووسینەکەیشی سادەیە، ئەمە بەبێ ئەوەی ئەو ساکاری و سادەنووسییەی، کاریگەری لەسەر بایەخی ئەدەبی و بەهای داهێنەرانەی بەرهەمەکانی هەبێت..

## سۆنیچکا، سادەیی و داهێنان!

هەتا ئەو شوێنەی ئاگادار بم، تەنیا دوو رۆمانی ئەم رۆماننووسە کراونەتە عەرەبی و ئێستا لەبەردەستمدان، بۆیە هەوڵ دەدەین (سۆنیچکا) بکەینە ئەرگۆمێنتێک بۆ پشتڕاستکردنەوەی قسەکانی پێشوومان، ئەمەش وەک رەهایی نا، بەڵکو وەک راستییەکی رێژەیی.

رۆمانی (سۆنیچکا) کە بە هۆیەوە چەندین خەڵاتی ئەدەبی وەرگرتووە، ناونیشانەکەی زۆر ساکارە و ناوێکی ئاساییە و بەس، بەڵام کاتێک رۆمانەکە دەخوێنیتەوە، هەست دەکەیت چانست لەوەدا هەیە کە هەمیشە و لە هەموو بەرهەمێکدا، ناونیشان فریوت نادا. لە سێبەری ئەم ناونیشانە ساکارەدا، بەر دەیان رووداو و کەسایەتیی جۆراوجۆر دەکەویت، باری سەرنجت دەچێتە سەر نهێنییەکانی مێژوو، سەر بایەخەکانی زانست، سەر تەونی ئاڵۆزی دەسەڵات، سەر شیکردنەوەی سایکۆ – سۆسیۆلۆژیی باری دەروونیی تاک و دۆخی کۆمەڵایەتی و کولتووریی کۆمەڵگا. رۆمانێک، تەنیا لە میانی خوێندنەوەیدا، درک بە گرنگیی نووسەرەکەی و بایەخی بەرهەمەکانی دەکەیت.

سۆنیچکا چیرۆکێکی ئاسایی کچێکە کە لە کتێبخانەیەکی لاچەپ کار دەکات. کچە بەهۆی ئەو کارەیەوە لە کۆمەڵگاکەی خۆی دابڕاوە، تا ئەوەی دەتوانین بڵێین، لە جۆرێک گۆشەگیریدا دەژیێت. کتێبخانەکە، هەموو دونیای ئەوە، هەست بە پرسە گەورەکانی دیکەی ژیان و کۆمەڵگاکەی ناکات و خەمی سەرەکیی ئەو، خوێندنەوەیە. ئەگەر بۆمان هەبێت و بتوانین ئەو مافە بە خۆمان بدەین، گوزارشتی (مشکی کاغەزخۆر)ی ناو رۆمانی زۆربا (ئەمەش بە گوێرەی نزیکایەتیی رۆڵی سۆنیای لۆدمیلا و رۆڵی باسیل، یان سەرۆک -ی کازانتزاکیس) لێرە بەکاربێنین، ئەوا سۆنیا رێک ئەو مشکەیە، یان کورد گوتەنی، (کرمی کتێبە). بە جۆرێک، ئاست و رادەی هۆگربوونی بە خوێندنەوەی کتێب و سەرکردن بەسەر لاپەڕەدا، رەنگ و روخساری گۆڕیوە.

باشە چی دەبوو ئەگەر ناوی رۆمانەکە (کاغەزخۆر، کرمی کتێب و..)، یان ناونیشانێکی دیکەی سەرنجڕاکێش بووایە؟ ئایا نووسەر خەیاڵی بۆ ناونیشانێکی وا نەچووە، یان هەر خۆی نەیویستووە؟ ئەدی بۆچی هەر لە دەستپێکی رۆمانەکەیدا و لە رێگای زمانێکی سادە و بە هونەری وێناکردنی ئەدگار و کەسایەتییەکانی ناو رۆمانەکەی، یاری بە عەقڵی خوێنەر دەکات و هۆگری خوێندنەوە و تەواوکردنی رۆمانەکەی دەکات؟

ئەگەر هیچ وەڵامێکی ئەو پرسیارانەشمان لە خودی نووسەر خۆیەوە چنگ نەکەوێ، ئەوا لە میانی خوێندنەوەی ئەو رۆمانە و زۆر رۆمانی دیکەی نووسەرانی تر کە ناونیشانەکانیان سادە و ئاسایین. لەوە تێدەگەین، کە ئەو قسەیەی لەبارەی کۆد و کلیلی ناونیشانەوە دەگوترێ، راستییەکی رێژەییە. یان لە باشترین حاڵدا، دەشێ ئەو راستییە پڕ بە پێستی مانشێتی هەواڵێک، راپۆرت و رێپۆرتاژێک، وتارێک، یان گۆشەیەکی رۆژنامەنووسی بێت، بەڵام بۆ بەرهەمێکی ئەدەبی، دروست نییە.

لۆدمیلا بەبێ ئەوەی باس لە جەنگ و وردەکارییەکانی، یان پرس و کێشەیەکی مەزنی سیاسی و کۆمەڵایەتیی رووسیا بکات، یاخود ئاماژەیەک بۆ خۆشەویستی و ئەوین بکات، دێت و بە زمانێکی سادە، بێ گرێوگۆڵ و ئاڵۆزی، قسە لەسەر کاراکتەرە سەرەکییەکە (سۆنیا)، وەک شەیدا و هۆگری کتێب، هەروەها باس لە هونەرمەندێکی شێوەکاری گومناو، (رۆبێرت ڤیکتۆرۆڤیچ) دەکات کە لە کاتی جەنگدا سەرباز بووە و لە کاتی هاموشۆکردنی کتێبخانەکەدا، ئاشنای سۆنیا دەبێت و لە دووەم دیداریاندا، پۆرترێتێکی بۆ دەکاتە دیاری و دواجار دەکەوێتە داوی خۆشەویستییەوە. نووسەر بەبێ ئەوەی بۆ جارێکیش وشەی خۆشەویستی، ئەوین، بەکاربێنێ. تەنیا بە دوو گوزارشتی دژ و پێچەوانەی هەڵێنجراو لە سروشتی رۆبێرت (ترسی لە هۆگربوون بە کچان، بردنی پۆرترێتێک بە دیاری بۆ سۆنیا)، وا لە خوێنەری وریا دەکات، کە بزانێت خۆشەویستی و هۆگری و ئەوین لە کوێی پەنهانییەکانی پەیوەندی و دیدار و گفتوگۆکانیاندا خۆی مەڵاس داوە.

لۆدمیلا وەک زانا و شارەزایەکی بواری بۆماوەناسی، لە سروشتی گۆڕانی کەسایەتی و کاریگەریی شوێنکاتەکان لەو پرۆسەیەدا قووڵ بووەتەوە، بۆیە لە توێی بەرهەمە ئەدەبییەکانیدا سوودی لەو پسپۆڕییە و سەرەدەرکردن لەگەڵ کەسایەتییەکان وەرگرتووە. کاتێ سەرنجی وردەکارییەکانی رۆمانەکە دەدەیت، بە ئاسانی درک بەو تەکنیکە بەرزەی نووسەر دەکەیت کە لە وێناکردنی ئاڵوگۆڕە دەروونییە قووڵەکانی کەسایەتییەکاندا بەکاری هێناوە.

لۆدمیلا بە زمانێکی سادە دەنووسێ، بەڵام زمانێکی جادوبازانە و بە هونەرێکی وردی چینینی رووداو و شوێنکات و گێڕانەوەیەکی سەرنجڕاکێش. سۆنیا و رۆبێرت دەچنە ژیانی هاورسەرێتییەوە، منداڵ دەخەنەوە، لەگەڵ بێنەوایی و نەداری رادێن و بە هەژاری دەژین، کاتێکیش سۆنیا هیواخوازانە دەڵێ: "لە کۆتاییدا سەردەکەوین و ژیانێکی خۆش دەژین". رۆبێرت وەڵامی دەداتەوە : "خۆشخەیاڵ مەبە، ئێستا ژیانێکی خۆش دەژین، هەرچی پەیوەندی بە سەرکەوتنیشەوە هەیە، ئەوا ئێمە هەر لە ریزی دۆڕاوەکانداین.. سەرکەوتوو هەر کێ بێت، لەوانەیە کە گۆشتی مرۆڤ دەخۆن. بنوو سۆنیا، بنوو".

بە شێوەیەکی گشتی، لەو رۆمانەدا سادەنووسیی لە وەسفی کاراکتەر و شوێن و خستنەڕووی رووداوەکان و زمانی گێڕانەوەدا، لایەنە سەرنجڕاکێش و سەرکەوتووەکەیەتی. هەر بەو سادەییەشەوە لە سەرەتای گێڕانەوەکانیدا، خوێنەر دەرگیری تەواوکردنی چیرۆکەکە و رووداو و بەسەرهاتەکانی ناوی دەکات.



## نووسین و یاخیگەری!

لۆدمیلا کە لە پای ئەو بەرهەمانەی تیایاندا داکۆکیی لە بەهاکانی دادپەروەری و دیموکراسی دەکات، خەڵاتی (سیمۆن دو بۆڤوار– 2011)ی وەرگرتووە، یەکێکە لە سیمبولەکانی بەرەنگاری و یاخیبوون، وەک ئەوەی بە یەکێک لە دژبەرەکانی (پۆتین)یش ناسراوە.

ئەو یەکێک بوو لەو نووسەرانەی، ساڵی 2012 سەرپەرشتی (هاوبەندی خوێنەران) یان کرد و چەندین چالاکی و خۆپیشاندانی پرۆتستۆکردن و نارەزایی دەربڕین لە دژی پۆتین و سیاسەتەکانیان رێکخست. هەروەها یەکێک بوو لەو نووسەرانەی، دژی داگیرکردنی دوورگەی (کریمیا)ی ئۆکرانیا، لە لایەن وڵاتەکەیەوە، وەستایەوە و سەرکۆنەی کرد.

"سوپاس بۆ خوا، ترشی کبریت نەبوو"، ئەوە کۆمێنتی لۆدمیلا بوو، کاتێ لە ناوەڕاستی ساڵی 2016، لە کاتی چوونی بۆ بەشداریکردن لە ئاهەنگێکی رێکخراوی مافپەروەریی (مێمۆریاڵ)، لە یەکێک لە شەقامەکانی مۆسکۆ، لە لایەن کۆمەڵێ گەنجی نەتەوەپەرستەوە هێرشی کرایە سەر و ماددەیەکی کیمیاویان بە دەموچاویدا پرژاند و بووە هۆی هەوکردنی پێستی.

چاودێرانی سیاسی لەو کاتدا رایانگەیاند کە هێرشکردنە سەر ئەم رۆماننووسە لە لایەن ئەو گرووپەوە، بۆ رۆڵی ئەو لە پرۆسەی سەرلەنوێ نووسینەوەی مێژووی هاوچەرخی رووسیا دەگەڕێتەوە. لۆدمیلا کە بە چالاکێکی دیار و دژبەرێکی سەرسەختی سیاسەتەکانی (پۆتین)ی سەرۆکی رووسیا دەناسرێ، لە میانی نووسینەکانیدا رەخنەی لە نیو سەدە مێژووی وڵاتەکەی گرتووە و ئاماژەی بەوە کردووە کە لە بری ئەوەی بلیمەتی و توانای داهێنەرانەی رووسیا بخرێتە خزمەتی ئامانجە رەوا و داخوازییە دیموکراسی و پێداویستییە کۆمەڵایەتییە راستەقینەکانی خەڵکی رووسیا، کەچی پێچەوانەی ئەوە بەکارهێنراوە، بەمەش مێژووی سەت ساڵی ئەو وڵاتە بووەتە تراژیدیا و کارەسات.

هەندێکی دیکەش لە چاودێران هێرشکردنە سەر ئەو ژنە نووسەرە، بۆ سەرکەوتن و ناوبانگی ئەدەبیی ئەو لە دەرەوەی رووسیا دەگێڕنەوە، بەتایبەتی بەهۆی رۆمانی (سۆنیچکا – 1993). ئەو رۆمانەی نەتەوەپەرستەکان بە نموونەی شێواندنی وێنەی کۆمەڵگا و وڵاتەکەیانی دەزانن.

لەسەر ئەم هەڵوێستانەی، زۆرجار راستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ وەک کەسێکی نانیشتمانی، یان راستتر وەک (دوژمنی نیشتمان) وەسف کراوە، کەچی ئەو لەبارەی ئەم تۆمەتە، بە پێکەنینەوە دەڵێ: "ڕاستە، چونکە لە باشترین حاڵدا هەمان بۆچوونی ئەوانمان لەمەڕ نیشتمانپەروەرییەوە نییە. نیشتمانپەروەری لە روانگەی منەوە خۆشەویستیی سروشت و خۆڕسکی مرۆڤە بۆ زێد و ئەو شوێنەی تێیدا لەدایکبووە و گەورە بووە، بەڵام نیشتمانپەروەری لە روانگەی سیستەم و دەسەڵات و بەداخەوە لە دیدی زۆربەی رووسەکانیشدا، خۆشەویستیی ئیمپراتۆرییەتە".

بە بۆچوونی لۆدمیلا، رووسیا پێویستی بە ماوەیەکی درێژ و دەیان نەوەی هۆشیار هەیە، بۆ راستکردنەوە و سڕینەوەی ئاسەواری سیاسەتی چەوتی دەسەڵاتدارانی سۆڤیەت. ئەو قۆناغی دوای رووخانی سۆڤیەتیش بە درێژکراوەی سەردەمی سۆڤیەت دەزانێ و دەڵێت چینی دەسەڵاتداری ئێستای وڵات، زۆرینەیان درێژکراوەی هەمان سەردەم و بیرکردنەوەی رۆژگاری سۆڤیەتن.

ئەو پێیوایە جیاوازییەکی زۆر لە نێوان سیستەمی دەسەڵاتداریتی ستالین و پوتیندا هەیە، دووەمیان کەمتر لەوەی یەکەمیان تینووی خوێنە، بەڵام جەخت لەوە دەکاتەوە کە ئەوەی دووەمیان زۆر لەوەی یەکەم مەترسیدارترە، چونکە ستالین شەیدای ئایدیۆلۆژیا بوو، باوەڕێکی هەبوو، بەڵام پۆتین شەیدای سەروەت و سامانە و هیچ باوەڕ و پرەنسیپێکی نییە.





سەید عەلی ساڵحی لە گفتوگۆیەکی بڵاونەکراوەدا

# نە شاملوو مردووە و نە شێرکۆ بێکەسیش

ئامادەکردن و وەرگێڕانی: عادل قادری

بەشی دووەم و کۆتایی

**ئەم وتوووێژە لە بەهاری ساڵی 2013 و چەند مانگێک پاش کۆچی دوایی شێرکۆ بێکەسی مەزن ئەنجام دراوە. کۆچی شێرکۆ لە ناوەندە ئەدەبی و کولتوورییەکانی ئێراندا دەنگدانەوەیەکی زۆری هەبوو ئەگەرچی حکومەت وەکوو پێویست لە تاران بواری بە کۆڕگەلی فراوان و شایستە نەدا، بەڵام هەمدیس دەرفەتێک بوو بۆ هەڵدانەوەی لاپەڕەکانی دونیای شیعر و شێوەژیانی بێکەس لەو ناوەندانە و خستنەڕووی هەندێ لایەنی کەمتر ناسراوی جیهانبینی و شیعری ئەم شاعیرە نەمرە لە گۆڤار و بڵاڤۆک و ڕۆژنامەکاندا. لەو دەمەدا حکومەت ڕێگرییەکی زۆری کرد و نەیهێشت لە ناوچە کوردنشینەکانی ڕۆژهەڵات هیچ کۆڕ و ڕێوڕەسمێکی ئەدەبی و ماتەمینیی شایستەی بۆ بگیرێت، جگە لە چەند کۆڕ و ڕێوڕەسمی سادە و دۆستانەی کافەیی نەبێت کە بە دزی و پەنامەکی بەڕێوەچوون. ئەم بارودۆخەی پاش کۆچی ئەم شاعیرە هانیدام بۆ وردبوونەوە و قووڵبوونەوەیەکی جیاواز لە شیعری شێرکۆ و پلەی ئەدەبی و فیکریی شێرکۆ لە ئێراندا، بڕیارم دا شاعیری ناوداری ئێرانی سەید عەلی ساڵحی بدوێنم. ساڵحی یەکێک لەو کەسانە بووە کە بە وردی شیعر و ئەدەبی کوردی و بەتایبەتی شیعری شێرکۆی پەیگیر کردووە، ئەو لە کلاوڕۆژنەی ئەدەبەوە خەمەکانی کوردی فام کردووە و ئێستە وەکوو یەکێک لە دۆستانی ئەدەبی کوردی ناسراوە.**

**عادل قادری: شکڵ و پێکهاتی شیعرەکانی شێرکۆ بە ڕۆمانە- شیعر ناوی دەرکرد و بەڕاستیش جێکەوت، بەشێوەیەک ئەگەر شێرکۆ ماوەی چەند کاژێر بۆ بەردەنگ و گوێگری خۆی شیعری بخوێندبایەوە، شەکەتی نەدەکردن ، تا چ ڕادەیەک ئەم پێکهات و شێوازە شیعرییە دەناسن و بەلاتانەوە باشە؟**

**سەید عەلی ساڵحی:** شانامەی فیردەوسی و خەمسەی نیزامی گەنجەویش هەر بە (شیعر- ڕۆمان) ئەژمار دەکرێن (لە شێوازناسیی شیعری کۆندا)، شێرکۆ بێکەس لە چاخ و سەردەمی ئێمە و لە زمان و بیچم و پێکهاتی مۆدێرنی شیعری نوێدا ئەم شێوازەی بووژاندەوە و زیندووی کردەوە. شیعری درێژی (ئەفسانە)ی نیما یۆشیجیش هەر ئەمەیە. لەبنەمادا ڕۆحی گێڕانەوە و چێژی گێڕانەوە لە ڕۆژهەڵاتدا، بەتایبەتی لە ڕۆژهەڵاتی ناوین و نەتەوەکانی ئەم ناوچە و دەڤەرە، لە پێگە و شوێنگەیەکی ئەزەلی و ئەبەدی جێ دەگرێت. شیعر- ڕۆمان دیاردەیەکی جیهانی و مێژوویی و بەشەرییە. ئیلیاد و ئۆدیسەش هەر ئەمەیە. بەرهەمەکانی شکسپیریش (نواندنەوەی شیعر) ن. (بەردی هەتاو)ی ئۆکتاڤیۆ پازی مەکسیکیش دیسان هەر ئەمەیە. شاعیرانێک لە جیهانی ئەمڕۆدا بوون و ئێستەش هەن کە دەستیان داوەتە وەها هەوڵێک، بەڵام خۆ هەموویان وەکوو شێرکۆ-لەم چەشن و شێوازە ئەدەبییەدا- سەرکەوتوو نەبوون. شیعری درێژی "میوانیی" ئەحمەدی شاملووش هەر لەم چوارچێوە و قەوارەیەدایە، بەڵام سەرکەوتوو نەبووە. گارسیا لۆرکاش ئەزموونگەلێکی لەم بوارەدا تاقی کردەوە.

**عادل قادری: چەندە ئاگاداری چیرۆک و ڕۆمانی کوردین؟ شۆڕشگەلێک لە بواری چیرۆک و ڕۆمان لە ڕێگەی نووسەرانێکی وەکوو شێرزاد حەسەن، شارام قەوامی، بەختیار عەلی، هیوا قادر، فەرهاد پیربال، عەتا نەهایی و... لە کوردستانی ڕۆژهەڵات و باشوور هاتوونەتە ئاراوە و کاریگەرییان بە ڕوونی لەسەر کۆمەڵگا و گوتاری کوردی دیارە.**

**سەید عەلی ساڵحی:** پێشتریش گوتم کە هەرچی وەرگێڕدرابێتە سەر فارسی خوێندوومەتەوە. بەرهەمەکانی هاوڕێم فەرهاد پیربالم پێ باشە و جێگەی پەسندمە، ڕۆمانی بەختیار عەلی بێ هاوتایە. بەختیار عەلی چەند مانگ لەمەوپێش زەنگی لێدا و پێکەوە قسەمان کرد و ئاشنا بووین، تا دواتر ئەگەر تەمەن و دەرفەتێک بوو، دیدارێک پێکبێت.

**عادل قادری: چەند ساڵ پێش لە کۆڕێکی خۆمانی و دۆستانەدا د.فەرهاد پیربال پێی گوتم کە بڕیارە سەید عەلی ساڵحی ببینم و دانیشین پێکەوە، پێوەندیتان لەگەڵی چۆنە و ڕۆڵی پیربال لە ناساندنی ئەدەبی کوردیدا چۆن دەبینن؟**

**سەید عەلی ساڵحی:** فەرهاد هاتوچۆی ئێران دەکات، لە تاران شیعری خوێندووەتەوە و فارسیزانە. ئێمە دۆست و هاوڕێین چ لە تاران بێت یان لە سلێمانی دیدارگەلێکمان پێکەوە بووە. بێ قەراری و دانەسەکنانە قەڵەمییەکەیم خۆشدەوێت. بێگومان لە ئاست و ڕادەی خۆیدا بۆ پێناسەکردنی ئەدەبی کوردی بە ئێمە، کاریگەر بووە و ڕۆڵی باشی گێڕاوە.

**عادل قادری: ئایا ئەدەبی کوردی ئەدەبێکی چەوساوە و سیاسەت لێدراو نەبووە؟ ئایا ئەگەر سیاسەتکارەکان و ئەکتەرانی گۆڕەپانی سیاسەت تۆزێک بایەخ بدەن بە زمان، ئەدەبی کوردی لە ڕووبەرێکی واڵاتر و بەرزتردا درەوشانەوەی بەخۆوە نەدەدیت؟**

**سەید عەلی ساڵحی:** ئێمە هەر لەو کاتەوە کە دێینە دونیاوە و لەدایک دەبین سیاسین. دەستەواژەی (سیاسەت زەدەگی) جۆرێک بێحورمەتییە. زمان، داهێنانێکی سیاسییە، نووسین دۆزینەوە و کەشفێکی سیاسییە. ئەدەب، دەقاودەق وەکوو سیاسەتە و سیاسەتیش دەقاودەق وەکوو ئەدەبە. فریوی ئەم دروشمانە مەخۆن. تەنها قوڕواقەکان لە مێرگدا سیاسی نین! ئەدەب بەبێ سیاسەت قەت نایەتە دونیاوە! هەناسەدان و هەناسەهەڵکێشان لە هەر بارودۆخێکدا سیاسییە. مەگەر ئێمە ناڵێین: (ئازادیی قەڵەم...!) دەی بۆ خۆمان لەمانە ببوێرین؟ مرۆڤ بوونەوەرێکە پەیوەستە بە بیرکردنەوەوە، ئەوەی کە لە پێوەندی و هاوپرسەگی "ئەدەب و دەربەستی" هەڵدێت، مرۆڤی تا ڕادەی بوونەوەرێکی بۆش و بەتاڵ لە ئیرادە و خواست دابەزاندووە و سووکی کردووە. ئەوەی کە دەبێ لێی هەڵبێین (دروشم زەدەگی)یە، دروشمە و وشە وەک دەنوێنێت! دەبێت ئاگادار بن کە دروشم تڵت و بنکڕی سیاسەتە و نابێ ڕۆحی شیعری دەربەست پیس و چەپەڵ بکات، ئەگینا سیاسەت دەقاودەق وەکوو شەرەف وایە، پەیوەست و لەبارەی ئەم وتەزا و بابەتانەوە نابێت (چەواشەفامی) ڕووبدات.

> **ئەدەب بەبێ سیاسەت قەت نایەتە دونیاوە**

**عادل قادری: بارودۆخی ئەدەب و شیعری ئەمڕۆی ئێران چۆنە و پێوەندی لەگەڵ ئەدەبی کوردیدا لە چ ئاستێکدایە؟**

**سەید عەلی ساڵحی:** لەوپەڕی خۆی، تایبەت بە خۆی، بێ هاوتا! مەبەستم نییە بەراورد بکەم! بەڵام ئەدەبی ئێمە درێژەی ئەدەبی ئێوە و ئەدەبی ئێوە درێژەی ئەدەبی ئێمەیە. لە ڕاستیدا ڕۆحێکین لە دوو جەستەدا. پێوەندیی نێوانیشمان بەرەو پەرەسەندن و گەشەکردن دەچێت. تا بیست و پێنج ساڵ لەمەوپێش هیچ خەبەرێک لەم پێوەندی و هاویەکییە نەبوو، بەڵام هەم "هەرێم" و هەمیش ئێمە بە شێوەیەکی جیدی دیالۆگ و هەڤپەیڤینمان لەگەڵ یەکدا دروست کرد. ئەدەبی کوردی درێژە و بەردەوامیی ئەدەبی تورک یان عەرەب نییە، ئەدەبێکی سەربەخۆ و کاریگەرە کە بەردەوام ڕۆڵ و دەوری ناوچەیی و جیهانی خۆی بووە.

**عادل قادری: ئایا شیعر بە واتا ڕاستەقینەکەی تەنها لەو زەمانانەدا دەردەکەون کە خاوەنی سەرزەمین، وڵات، دەوڵەت، ڕێکخراو و نووسینگە فەرمی و سیستەماتیکەکانن یان نا؟ تۆزێک لەم بارەیەوە بدوێن.**

**سەید عەلی ساڵحی:** شیعر... بەرهەمهاتوو و زاوزێی ئینسانە و بەس! سنوور و سەرزەمینی خودی و ناخودی و دەوڵەت و ڕێکخراو و شتگەلی لەم چەشنە لە کردەی بەرهەمهێنانی شیعردا ڕۆڵیان هەیە، بەڵام جەوهەر و کرۆک و ڕەسەنایەتی شیعر نین. شیعر لەسەرەتادا بەرهەمهاتوو و لەدایکبووی ئینسانە، نەک شاخ و کێو و هەرد و ئاڵا و مارش و هێڵی پەڕینەوەی ڕێبواران...!ئەم ڕێکخراو و ڕێکخستن و ڕێککەوتنانە، بە دەستکردەکانی خۆیانەوە ناتوانن ئینسان و شیعر پێوەند بکەن و کۆیلەی بکەن.

**عادل قادری: جگە لە کەسانێکی وەکوو شارام نازری و د.قوتبەدین سادقی و سەعدوللا نەسیری و هەندێک لەو کوردانەی دانیشتووی تاران (تەنانەت بە کوردە فارس و قارسبێژەکانیشەوە وەکوو د.جەلالەدین کەزازی) کە لە هۆڵی وەحدەتی تاران ئەم سەفەرەی شێرکۆیان بە شین گێڕایەوە، چ کەسانێکی تر لە کۆمەڵگای ئەدەبیی ئێران مەرگی شێرکۆیان شینگێڕی کرد؟**

**سەید عەلی ساڵحی:** من لە شوێن و جێگە دەوڵەتییەکاندا ئامادە نابم، نەڕۆیشتم بۆ هۆڵی وەحدەت، بەڵام لە ئەنجوومەنی (غەزەل) کە ئەنجوومەنێکی سەربەخۆیە، لەبارەی شێرکۆ بێکەسەوە قسەم کرد، لەگەڵ ڕادیۆی سەرانسەریی بەلژیک و هەروەها ڕادیۆی سوید وتووێژم کرد، بابەتەکانی من لە ئێراندا لەبارەی شێرکۆ بێکەسەوە بە گشتی لە پێنج ڕۆژنامەی سەربەخۆدا بڵاوکرانەوە و دەنگدانەوەی هەبوو، هەڵبەت ئەمە جگە لە گۆڤارەکان. دۆستان و هاوڕێیانێکیش هەبوون لە ئێراندا کە یادی شێرکۆیان بەرز ڕاگرت و ئەم یادکردنەوەیەش گرینگ بوو. با ئەوەش بڵێم کە من بۆ مەرگی شاعیرانێکی وەکوو مامۆستا شێرکۆ نە ڕەشپۆش دەبم و نە شین دەگێڕم. نە شاملوو مردووە و نە شێرکۆ بێکەسیش! مەگەر نالی و گۆران و حافز و مەولانا مردوون؟!

**عادل قادری: پەیامتان بۆ کومەڵ و کۆڕی ئەدەبی و شیعریی کوردی چییە؟**

**سەید عەلی ساڵحی:** چ پەیامێک دڵنشینتر و باشتر لەم وتووێژە؟ سەلماندن و چەسپاندنی هۆگری و خۆشەویستی پێویستی بە سوێندخواردن نییە. پێشنیارم ئەمەیە کە "خەڵاتێکی بەرز و بەشکۆ و پڕحورمەت" بە ناوی شێرکۆ بێکەسەوە- لە هەرێمی کوردوستان- ڕۆبنرێت.

**عادل قادری: ئێوە دوابەدوا و چەند ڕۆژ پاش مەرگی مامۆستا بێکەس یاداشتێکتان لەمەڕ ئەم کۆچەوە نارد بۆ ڕۆژنامەی "شەرق" و دواتر شیعرێکتان بەناوی "شێرکۆ...!" هەر لەم ڕۆژنامەیەدا بڵاوکردەوە، لەمەڕ ئەم شیعرەوە بۆمان بدوێن.**

**سەید عەلی ساڵحی:** شیعرەکانی من دەرهاوێشتە و لەدایکبووی کتوپڕ و بەهەڵکەوتی جیهانن. لە پشت مێزی کار و نووسینەکەم دانیشتبووم و بابەتێکی ترم دەنووسی، لەناکاو و بەڕێکەوت ئەو شیعرە لەدایک بوو، تەنانەت فاریزەیەکیشم ئەملاولا پێ نەکرد. پێویستی نەبوو دووبارە بینووسمەوە، چونکە ئەم شیعرە بەتەواوی و ئامادەیی لە دایک بوو، ڕەشنووسی نەبوو، سپینووسێک بوو بەبێ پرد و گوێزەرەوەیەک بە ناوی ڕەشنووس. ڕۆژنامەی شەرق لەمن بابەتی ویست، منیش گوتم: فەرمووون! چ لەڕێگای تەلەفۆنەوە و چ لە نێزیکیشەوە پێشوازی لەم شیعرە بەڕاستی سەیر و سەرسوڕهێنەر و لەوپەڕی خۆیدا بوو، تەنانەت لە ڕۆژئاوا و ناوخۆی ئێران دەنگدانەوەکەی هێشتا درێژەی هەیە. ژمارەیەکیش هەن کە دەڵێن: ساڵحی و شێرکۆ لە ڕووی سیاسییەوە هاوتەریب و هاوڕێ نین، ئاخر چۆنچۆنی دەبێت دۆست و هاوڕێ بین و لە تێڕوانین و ڕوانگەدا دژ بە یەک؟! بە دەنک و دووان و تاک و تەرایەک لەو ژمارەیە کە لەپێگەی وەڵامدا بوون و بایەخی وەڵامدانەوەیان هەبوو، گوتم: "ئێوش ڕۆژێک باڵق و گەورە دەبن!"

> **شیعرەکەم بۆ شێرکۆ لە ناکاو و بەڕێکەوت لەدایک بوو**

**شێرکۆ...!**
**شەو، تاریکایی، تاراوی**
**مرۆڤ**
**پەژارە، ئازادی، هیوا!**
**بە درێژایی تیلماسکی ڕێگا**
**تارمایی**
**بەدووی تەونەگەری دەربەندی پەپوولەدا دەکشا**
**دەیانگوت: ئۆوەیسی قەرەنی بەخەو دیتووە**
**لە زووتر**
**شاعیرێک**
**لە سپێدەی سلێمانییەوە هەڵدەستێ**
**دەبێتە پێشمەرگی ڕووبار و باران و بنەوشە.**
**نوشتەنووسی خەونەکان**
**دەستێکی گۆرانی بۆ تاریکایی**
**دەستێکی ستران بۆ تارا "و/ی" ی:**
**دیمەشق، بەسرە، ئیستەنبوڵ**
**مۆسکۆ، واشنتن، تاران، ستۆکهۆڵم**
**سەفەر کردووی وشە شەهیدەکان**
**تەوافچی بێ زەوین،**
**لەم سەرزەمینەوە**
**بۆ ئەو سەرزەمین...!**
**هەڵبەت، هەنووکەش بۆ شوێنێکی دوور نەڕۆیشتووە،**
**دەست بخەنە سەر دڵی منداڵانی کورد:**
**شێر...کۆ..شێر...کۆ..شێر...کۆ!**

# وێناسازی و ماناسازی و زەمەن
# لە کورتە شیعرێکی حەسەن نازداردا

هێمن مەلا کەریم بەرزنجی



**ژنەکە**
**تەمەنێک ژیاو**
**نەیزانی چ بووە،**
**هێندە نەبێت نووسی**
**ژیان هێندەی خواردنەوەی**
**قاوەیەکە بە پێوە....**

**پێشەکی:**

پێدەچێت منی خوێنەر، یان منی ڕەخنەگر، نەتوانم ئەو وێنایەی شاعیر مەبەستی بووە و کێشاویەتی وەک خۆی بخەمە ڕوو، وەلێ پێدەچێت ئەوەی دەیخەمە ڕوو، بە تەواوی و سەد لە سەد وێنەی نێو ناخ و دڵی شاعیر بێت و، بەهەمان مەبەست ئەو شیعرەی نووسیبێت و، مەبەستی لە هەمان وێنا بووبێت، بێگومان بۆ ماناسازیش بەهەمان شێوەیە و، ڕەنگە شاعیر بە مەستێک ئەو مانایەی سازاندبێ و، منیش بەجۆرێکی دیکە لێکی بدەمەوە، بەڵام لە لێکدانەوەی زەمەندا، ئەگەر پەیوەستی نەکەین بە شوێنەوە و، زەمەن و شوێن وەک دووانەیەکی تەواوکەر سەیر نەکەین، ئەوا گرفتێک لە شیکاری و ڕاڤەی زەمەندا درووست نابێت و، شتێک ناگوترێت پێچەوانەی مەبەستی خودی شاعیر، یان نووسەر بێت.

وەلێ نابێت ئەوە لەیاد بکەین، کە پێدەچێت خوێنەر و ڕەخنەگر، وێنەگەلێک لەنێو شێعرەکەدا ببینن، خودی شاعیر نەیبینیبێت، یان هەر بیری لێنەکردبێتەوە و، وێنەیەکی دیکەی لە ناخی خۆیدا بۆ شیعرەکەی دانابێت، بەهەمان شێوە بۆ واتاسازی، هەمان بۆچوون گونجاوە و دەشێت خوێنەر و ڕەخنەگر، واتایەک لەنێو شیعرەکەدا بەدی بکەن کە شاعیر مەبەستی لەوە نەبووبێت.

بەهەرحاڵ، ئێستا زۆربەی توێژەران و ڕەخنەگران و ڕاڤەکاران، لەسەر ئەو باوەڕەن کە ئەو بۆچوونەی پێیوایە تەنها خودی شاعیر دەزانێ چ وێنە و مانایەکی لە شیعرەکەیدا بەرجەستە کردووە و، خستوویەتییە ڕوو، بەسەرچووە و نە تەنها ڕەخنەگر، بەڵکو خوێنەرێکی سادەش دەتوانێ خوێندنەوە بۆ شیعر بکات و لێکی بداتەوە و، بۆچوونی خۆی لەبارەیەوە بڵێ و، ئەمەش پشت بە پاشخانی مەعریفیی خوێنەر دەبەستێ و، دەشێت لێکدانەوە و ڕاڤەی ئەم خوێنەرە سادەیە، زۆر شتی نوێ بۆ خودی شاعیریش بخاتە ڕوو، کە شاعیر لێی بێئاگایە و بەو مەبەستە شیعرەکەی نەنووسیوە و، لە دەرئەنجامدا شێعرەکە ئەو چەمک و مانا و ڕاڤە و وێناسازی و واتاسازییانەش لەخۆ دەگرێت کە ڕەهەندێکی فەلسەفی و زمانەوانی و هونەری و بەرجەستەکردنی سرووشتە دوور لە بیرکردنەوەی خودئاگایانەی شاعیر و، پێدەچێت کاریگەری نەست بێت و هیچی تر.

وەک چۆن دەشێت پێچەوانەکەی ڕاست بێت و کاریگەریی هەست و نەستیش بێت، لەوپەڕی ئاگاییەوە شاعیر وێناسازی و واتاسازیی قووڵ و فرە ڕەهەند لەناو وێنا و واتای سادەدا بکێشێت و، مەبەستی نەبێت ڕاستەوخۆ و بێ بیرکردنەوە ئەنجام بخاتە بەردەستی خوێنەر و ڕەخنەگر و لە پیت و وشەکان بێ مانایی یان نامانایی درووست بکات. ڕەنگە تەلارسازییەکی نامانا درووست بکات کە لە ئەنجامدا، وێنا و مانایەکی هونەری و هەستی جوان بە خوێنەرەکانی ببەخشێت و خوێنەر و ڕەخنەگر بە تێکرایی ڕووکار و ناوەڕۆکی تەلارە شێعرەکەوە، ئەندازەیی شاعیر لە وێنەی هونەری و هەست و نەست و مانا و زەمەندا ببینن. وەلێ هەندێک جار لەلایەن شاعیرەوە بێ مانایی درووست دەبێت. چونکە شاعیر هیچ تەلارسازییەکی لە شێعرەکەدا نەکردووە و، بەمەش شاعیر ناتوانێ وێنا و مانایەکی هونەری و هەستی جوان پێشکەش بە خوێنەر بکات و نەک خوێنەر، بگرە زۆرجار خودی شاعیریش سەر لەو بێ مانایییە دەرناکات و، ناتوانێ ڕاڤەی بێ مانایییەکەی بکات. لەبەرئەوەی تەلارسازانە کاری نەکردووە و، شیعرەکە بێ تەلار دەرچووە، لەم کاتەدا شاعیر ناتوانێ هیچ بە خوێنەر ببەخشێت، جگە لە ڕیزکردنی وشەگەلی بێمانا و درووستکردنی ڕستە و پەرەگرافی بێمانا، بەمەش شاعیر جگە لە شێواندنی زمان و وێنەسازی و ماناسازیی شیعر و تێکدانی زەمەن و شتگەلێکی دیکە، هیچی پێشکەش بە ناوەندی هونەری و فەرهەنگی کوردی نەکردووە.

**یەکسانکردنی ژیان بە قاوەیەک، زۆر مانا هەڵدەگرێت، چ قاوەیەکیش، قاوەیەک بە پێوە بخورێتەوە**

**خوێنەری سادەش دەتوانێ خوێندنەوە بۆ شیعر بکات و لێکی بداتەوە و، بۆچوونی خۆی لەبارەیەوە بڵێ و، ئەمەش پشت بە پاشخانی مەعریفیی خوێنەر دەبەستێ**

ژنەکە
تەمەنێک ژیا و
نەیزانی چ بووە،
هێندە نەبێت نووسی
ژیان هێندەی خواردنەوەی
قاوەیەکە بە پێوە....

### وێناسازی و ماناسازی و زەمەن

شاعیر بە کارەکتەریکی ژن وێنا و مانای شیعرەکەی دەخاتەڕوو، ژنێک کە ئاشنای شاعیرە، یان شاعیر دەیناسێ و، بەهۆی (ەکە)ی ناسراوییەوە پێمان دەڵێ ژنەکە خۆی وای پێگوتم، یان لەناو چاوەکانیدا خوێندمەوە. ئەگەر شاعیر ئاشنای ژیانی کارەکتەری شیعرەکەی نەبووایە، ئەوا بە ((ژنێک)) ناوی دەهێنا و پێی دەگوتین کە ژنێکی نەناسراوە، بۆیە پێدەچێت لە ژیان و رووخساری ناسراوی ژنەی کارەکتەر زۆر داخ و مەراقی دیکەی بینیبێت کە لە تێکستەکەدا ڕەنگی نەداوەتەوە، وەلێ بەجۆرێک لە جۆرەکان ناخی شاعیری شەکەت کردووە و، ئەمەش ئەگەر لەباری دەروونناسییەوە لێی بڕوانین خوێندنەوەی جیاواز هەڵدەگرێت، دەروونی شاعیریش بۆ خۆی کاریگەرییەکی تەواوی لەسەر خەیاڵ و هەستی شاعیرانە هەیە، وەلێ بۆچی ژن بووەتە پاڵەوان؟ بۆچی ڕاڤەی ژیان بەکارەکتەریکی ژن دەسپێرێ؟ پێدەچێت هۆکارەکەی پەیوەندی بە لایەنی دەروونشیکاری ئافرەتەوە هەبێ، دەشێت شاعیر لە دەروونناسیی ئافرەتدا شارەزابێت، وەلێ بۆچی لە ماندوێتی ژنێکدا پێناسەی ژیانمان بۆ دەکات؟ یان لانیکەم ڕاڤەی ڕابردوو دەکات و لەلایەک پێمان دەڵێ ژنەکە نازانێ چ بووە لە ڕابردووی خۆیدا و چی ڕوویداوە، لەلایەک پێمان دەڵێ ڕابردووەکە زۆر کورتە و هێندەی خواردنەوەی قاوەیەک بووە، خواردنەوەی قاوە بۆ؟ دەبێ کافاینی ناو قاوەکە ئازارشکێنێکی باش بێت و ژانە سەری خەمەکانی ژیانی کەم بکاتەوە، ئەی بۆ بە پێوە، بۆئەوەی لەگەڵ خواردنەوەی قاوەکەدا، سەفەر بکات و بگەڕێتەوە ناو ژیان، دیارە دوای لەبیرکردنی خەمەکانی، یان بەرەو مەرگ سەفەر بکات و، بۆ هەمیشە نەگەڕێتەوە.

خودا سروشتێکی بە مرۆڤ بەخشیوە کە بتوانێ خەم و ناخۆشی و ناسۆر لەبیر بکات، ئەگەر وانەبووایە، مرۆڤ نەیدەتوانی بژی، لەبیرنەکردنی ڕابردوو پێدەچێت جیاوازییەکی زۆری لەگەڵ مردن نەبێت، دەگوترێت ئەو توانایە لە ئافرەتدا زیاترە، گەرچی ئافرەت ناسکتر و بە سۆزترە، پێدەچێت لەبەر ئەم هۆکارە بێت کە مامۆستا حەسەن نازدار پاڵەوانی کارەکتەری شیعرەکەی بە ئافرەتێک سپاردووە و، لەسەر زاری ژنێکەوە پێناسەی ژیانمان بۆ دەکات، ژنەکە ژیان لە کاتەکانی ڕابردووەوە دەخوێنێتەوە، وەلێ کاتەکان چەندن؟ نادیارە و بە تەمەنێک وەسفی کردووە، تەمەنێکی کورت؟ یان تەمەنێکی مام ناوەند؟ یان تەمەنێکی درێژ؟ هیچ هێمایەک بۆ تەمەنی ئافرەتەکە نییە و، پێدەچێت مەبەستی مامۆستا نازدار ئەوە بێت کە ئەگەر لە تەمەنێکی کورتدا، ئەو ژنە ڕاڤەی ژیان بکات، یان لەتەمەنێکی مام ناوەند و، یانیش لە تەمەنێکی درێژدا، هەر هەمان خوێندنەوەی بۆ ژیان دەبێت. بە جۆرێک و بەمانایەکی تریش پێمان دەڵێت کە کارەکتەرەکە تەنها ژیان لە ڕابردوودا دەبینێت، ئاخر ئەوەتا باس لەوە دەکات ((ژنەکە تەمەنێک ژیا و .....)) نەیزانی چی بووە، کەواتە تەنها و تەنها پێناسەی ژیان لای کارەکتەری شێعرەکە لەسەر بنەمای ڕابردووە و ژیانی داهاتوو ناگرێتەوە و، دەشێت ڕاڤەیەکی دەروونیانە بۆ بارودۆخی ژیان بکەین و، بەشێوەیەکی دیکە ڕاڤەی بکەین، چونکە هەندێک کات شەکەتیی ڕابردوو، ئایندە و ژیانی داهاتوومان لەبەرچاو دەخات و، تەنها لە ڕابردوودا دەژین، بەمەش تەنها پێناسەیەک بۆ ژیان، ڕابردوو دەبێت و هیچی تر، کەواتە دەشێت ئەم کارەکتەرە لە شەکەتیدا، بیری لە داهاتوو نەکردبێتەوە و، دەشێت پێچەوانەکەشی ڕاست بێت، وەلێ ئێمە وتمان ژنان زووتر ڕابردوو لە بیر دەکەن، ئەمەش تایبەتمەندییەکە کە خوای گەورە بە مرۆڤی بەخشیوە، کەواتە گریمانەی شەکەتبوونی ژنەکە بە دەست ژیانەوە درووستترە.

یەکسانکردنی ژیان بە قاوەیەک، زۆر مانا هەڵدەگرێت، چ قاوەیەکیش، قاوەیەک بە پێوە بخورێتەوە، یانی کاتێکی زۆر کورت بۆ خواردنەوەی هەیە و وەک موسافیرێک قاوەکە هەڵدەدا، کەواتە مامۆستا حەسەن پێمان دەڵێت لە چاوی ئەم ژنەوە ژیان زۆر کورتە و کاتێکی زۆر کەمە، هێندەی خواردنەوەی قاوەیەکە بە پێوە، لێرەوە دەگەینە ئەوەی کە بۆچوونەکەی پێشترمان لە بارەی دیاریکردنی تەمەنێک لە جیاتی ماوەی ژیانی ژنەکە بێ مەبەست نەبووە و، هۆکارەکەی ئەوە بووە کە کورت ژیابێ یان مامناوەند، یانیش زۆر ژیابێت و تەمەنێکی زۆری کردبێت، هەر هەمان شتە و هەر یەکسانە بەو ماوە کورتەی کە مرۆڤ قاوەیەکی تێدا دەخواتەوە، قاوەیەکی سەفەری، قاوەیەک بە پێوە، لێرەدا شاعیر لە زاری ژنەی پاڵەوانەوە پێمان دەڵێت چەند بژین هەر کورتە و سەفەرێکی بچوک و کورتخایەنە و ژیان زوو دەبڕێتەوە، خۆ ئەگەر وەک ژنەی پاڵەوان ژیان بە ڕابردوو پێناسە بکەین، ئەوەندە لە ناسۆر و ناخۆشیدا بژین، ئایندە نەکەینە بەشێک لە پێناسەی ژیان، ئەوە ژیان زۆر کورتتر دەبێت.

خەریک بوو ئەوەم لەبیر بچێت کە ژیان و قاوە بۆچی کراوەتە لێکچوو، لەو چوو، ئەرێ بەڕاست ئەم دووانە لە چیدا لەیەک دەچن، دەبێت ئاخۆ مامۆستا ((حەسەن نازدار)) مەبەستی لەم کارە چی بێت؟ پێدەچێت لە تاڵیدا لەیەک بچن، ئاخر ناکرێ و ناگونجێت ژنێک تەمەنێک ژیابێ و نەیزانیبێت چی بووە، ژیانێکی خۆش ژیابێت، ئەگەر خۆش بژیایە بەو جۆرە ڕاڤەی ژیانی نەدەکرد، کەواتە دەشێت بڵێین لە تاڵیدا لەیەک دەچن، دەشێت بڵێین مرۆڤ زۆر کات بە ژیان بێهۆش دەبێت، وەک چۆن کافاینی ناو قاوەیەک کار لە مرۆڤ دەکات، وەلێ دەشێت شاعیر هیچکام لەم دوو مەبەستەی نەبووبێت و تەنها مەبەستی ئەوە بووبێت کە کاتی خواردنەوەی قاوەیەک بە پێوە یەکسانە بە تەمەنێک ژیان، دیارە لە چاوی پاڵەوانی شیعرەکەوە کە ژنەکەیە.

/https://hemnbarznji.blogspot.com